# پێشەکی*

تا ئەم ڕۆژەی کە تێیدا دەژین زمانی کوردی بۆ کورد پڕشنگدارترین هێماو بەدەسەڵاترین هۆکارە بۆ سەلماندنی بوون‌و مانی نەتەوەی کورد. ئێمە لە کڵاوڕۆژنەی ئەم بۆچوونەمانەوە بووینەتە دەروێشێکی گیانی بەگیانی ئەو زمانە و هێزی بوونی خۆمانمان لە وڵاتی ئاوارەیدا تیا دۆزیوەتەوەو تێیدا خەملاوین. لە کارە زانستییەکانماندا پەیڕەوی ئەو تیۆرییەمان کردووەو ویستوومانە بەرهەڵستی هەموو کارێک بکەین، کە دەبێتە هۆی شێواندنی ئەو سەرچاوە پڕشنگدارەمان.

لە بیست‌وپێنج ساڵی ڕابردووی کاری زانستیماندا لە ئەورووپا، کە خۆمان بە لێکۆڵینەوەی دیالێکتۆلۆگی زمانی کوردی‌و شیکردنەوەیەوە خەریک کردووە، بایەخێکی زۆرمان بە لێکسیکۆلۆگی واتە فەرهەنگنووسی داوە. ئەم کارانەمان لە چوارچێوەی چوار کاری فەرهەنگیی بنچینەیدا کۆ کردۆتەوەو کردومانەتە پڕۆژەی ئینستیتوتی خوێندنی کوردی-بەرلین.

لە سەرەتای دەست بە کار کردنمانەوە لە ساڵی ١٩٨٢ ەوە وەک مامۆستای زمان‌و ئەدەب‌و مێژووی کورد لە زانستگای ئازاددا لە بەرلین ، لە پاڵ وانەی زانستی وتنەوەدا کاتێکی زۆرمان بۆ ئەم پڕۆژانە تەرخان کردووە، کە ئەنجامەکەی دانانی چوار فەرهەنگە، کە سیانیان دوو زمانین: یەکەمیان فەرهەنگی کوردی-ئەڵمانی (کورمانجی)** بوو، کە بە سی‌وپێنج هەزار وشە بڵاومان کردەوەو لە دەسەڵاتدارانی تورکیامان لەو سەردەمەدا گەیاند، کە لەگەڵ هەموو چەوساندنەوەیەکی ئێتنی‌و کولتووری کوردیشدا، زمانەکە بەهۆی ئەو سەرچاوە ڕۆشنە ئەدەبیە کلاسیکییە کوردییەوە، کە لە سەدەی پازدەهەمەوە لەسەر دەستی شاعیرانی وەک، عەلی حەریری (١٤٢٥-١٤٩٥)، مەلای جزیری (١٥٧٠-١٦٤٠) و شاعیری نەتەوەیی کورد ئەحمەدی خانی (١٦٥٠-١٧٠٧) بنچینەکەی پێ تۆکمە کراوە، هێشتا هەر لە بزووتندایە. کاری دووەممان ئەم شاکارەیە، کە لەبەردەستتاندایەو زیاد لە شەست هەزار وشە و هەزارەها ڕستە، پەندیپێشینان‌و ئیدیەم و نموونەی بێوێنەی لە ئەدەبی کوردی نووسراوو زمانی گفتوگۆوە لە خۆ گرتووە. کاری سێیەممان بۆ کوردیی باشوور تەرخان کردووە. گرنگترین کاریشمان لە زانستی فەرهەنگنووسیماندا فەرهەنگێکی کوردیی کوردییە، کە دەبێتە سەرچاوەی کۆکردنەوەی وشەکانی دیالێکتە کوردییەکان، کە ئێستا بە گەرمی‌و بەردەوامی کاری تێدا دەکەین.

زمانی کوردی، کە زمانێکی باکووری ڕۆژئاوای ئێرانی تازەیەو سەربە بنچینەی زمانە هیندۆئەورووپییەکانە. ئەم زمانە تا ئەمڕۆ لەلایەن گەلێ زمانەوان، مێژوونووس‌و زانکاری ئەدەبییەوە بە شێوەی جیاجیا دابەش کراوە، ئەم دابەشکردنانە بوونەتە گرفتێکی گەورە. ڕۆژی ئەوە هاتووە ، کە زنکارانی کورد لەسەر جۆری دابەش کردنی دیالێکتەکانی زمانی کوردی ڕێک بکەون‌و سنوورێک بۆ ئەو پاشاگەردانییە دابنێن.

---

* تکایە ئاگاداری ئەوەبن‌و هەوڵبدەن، پێشەکی کتێبەکە بە هەردوو زمانەکە بخوێننەوە.

** Feryad Fazil Omar: Kurdisch-Deutsches Wörterbuch (Kurmancî). Berlin: Kurdische Studien 1992 (ISBN 3-927408-45-X) [فەریاد فازیل عومەر: فەرهەنگا کوردی-ئەڵمانی (کورمانجی)]

ئێمە کە بیر لە دیالێکتەکانی زمانی کوردی دەکەینەوە، بەر لە هەموو شتێک بیر لە بوونی نەتەوەیی ئەو کۆمەڵە خەڵکە دەکەینەوە، کە بەو زمانەو بە شێوە جیاجیاکانی قسە دەکەن.

من نامەوێ لە پێشەکییەکی وا کورتدا، کە بۆ فەرهەنگی دیالێکتی کوردیی ناوەڕاست (سۆرانی) دەینووسم، بە دوورودرێژی ئاوڕ لە دیالێکتەکانی زمانی کوردی بدەمەوە، چونکە ئەمە خۆیلەخۆیدا باسێکی تایبەتیو گرنگە. هەناسەیەکی درێژترومەودایەکی بەرفراوانتری باسو لێکۆڵینەوەی دەوێ، کە جێی ئێرە نییە. لێرەدا دەمەوێ بەکورتی تەنیا چەند ڕایەکی سەرپێیی بخەمە بەر چاو.

بە پێی بۆچوونو لێکۆڵینەوەی زانستی ئێمە دەربارەی دیالێکتەکانی زمانی کوردی، دیالێکتەکان بە گشتی دەکرێن بە سێ بەشەوە: کوردیی باکوور (کورمانجی)، کوردیی ناوەڕاست (سۆرانی)و کوردیی باشوور.

لە سەدەکانی پازدە بەدواوە، لە بەشی ژووررووی کوردستاندا ئەدەبێکی نووسراو لە پەرەسەندنو پەلهاویشتندا بوو. لووتکەی ئەدەبەکە بە کەسانێکی وەک خانیو بیروباوەڕی نەتەوەییی ڕازابووەوە، کۆمەڵێ ڕاو بۆچوونی یەکێتی نەتەوەییی کوردی لە مەمو زینەکەیدا دەربڕیبوو، کە بەر لەو کەسێکی تر لە ئەدەبی کوردیدا بەو ئاشکرایییو ڕای سەردەمییە دەرکی پێنەکردبوو. لەگەڵ ئەم ئەدەبەدا، کە بە دیالێکتی کوردیی باکوور بوو، لە بەشێکی تری کوردستاندا بەتایبەتی لە بەشی باشووریدا لەسەردەمی میرڕەوایی ئەردەڵانییەکاندا ئەدەب بە دیالێکتی کوردیی باشوور (گۆرانی) گەشەی سەندو لێهاتوویی‌و وشیاری نووسەرانی ئەم زمانە ئەدەبییە کارێکی ئەوتۆیان کرد، کە بە زوویی ببێتە زمانی ئەدەبو دەستەیەکی لێهاتوو ئەدەبیان بۆ زیاد لە چوار سەدە پێنووسی. قوتابخانەی ئەدەبی کوردیی باشوور لە گەشەسەندندا بوو، شاعیرانی ئەم ڕێڕەوە هەناسەی ئەدەبییان لە سەرچاوەی ئەدەبی کلاسیکی فارسیو عەرەبییەوە هەڵدەهێنجا. سوود وەرگرتن لەم سەرچاوانە کوێرانە نەبوو، بەڵکە بەرگێکی نوێی کوردیان بە زمانی کوردی بەبەردا کردبوو. بەم شێوەیەش ئەدەبێکی نوێیان لە ناوچەکەدا بە زمانی کوردی بۆ کورد بنیاد نابوو.ئەم زمانە ئەدەبییە لەو سەردەمانەدا هاوشانی زمانە ئەدەبییە باوەکانی ناوچەکە بوو، وەک زمانی عەرەبی، فارسیو پاشانیش عوسمانی. ئەم دیالێکتە تەنانەت لە سەدەی نۆزدەشدا هێشتا هەر زمانی نووسینی ناوچەیەکی بەربڵاوی کوردەکانی ژێر دەسەڵاتی میرنشینی ئەردەڵانو بابان بوو. بەڵگە ئەدەبییە جیاوەکان شایەتی دەوڵەمەندیو بەرفراوانیو بڵاوی ئەم دیالێکتە دەدەن. ئەم دیالێکتە لەسەر دەستی مەولەوی تاوەگۆزیدا (١٨٠٠-١٨٨٦) لە لووتکەی دەسەڵاتیدا بوو، کە لە کوردستانی ناوەڕاستدا دیالێکتێکی تر بنچینەی زمانێکی ئەدەبی نوێی بۆ کورد داکوتا.

دیالێکتی کوردیی ناوەڕاست. کە بە سۆرانی ناو دەبرێ. بریتییە لە پێچووەوە دیالێکتەکانی «سلێمانی، موکری، سۆرانی و سنەیی».

میرنشینی بابان بەتایبەتی دوای دروستکردنی شاری سلێمانی لە ساڵی ١٧٨٤دا بایەخێکی زۆری بە زانایانی ئاینی داو هێنانی بۆ شارە تازەکەی. دەبێ لەو سەردەمەدا چەندە قوتابیی تری وێنەی نالی ڕوویان لەو شارە کردبێ، کە ئەمڕۆ ئێمە تەنیا ناوی کەڵەکانیان دەزانینو ناوی ئەوانی تر بەو شێوەیەی بۆ نالی گونجاوە ناویان نەبراوەو تۆمار نەکراون.

ئەم دیالێکتە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم بەدواوە . لەسەر دەستی کەڵە شاعیرانی وەک: نالی، کوردیو سالم داو لە ژێر سێبەری میرنشینی بابانەکاندا پەلی هاویشتو بووە زمانی ئەدەبی ناوچەکەو پاشان جێگای بە زمانی ئەدەبی کوردیی باشوور لەق کردو لە ناوچەکادا جێی گرتەوە.

من گومانم لەوەیە، کە بەر لە نالی، کوردیو سالم بە دیالێکتی کوردیی ناوەڕاست ئەدەبی نووسراومان نەبووبێو ئەم زمانە ئەدەبییە دیاردەیەکی لەخۆوە دروستبوو بێ، واتە هەر سەرەتا لەو سێ شاعیرەوە هەڵقوڵابێو پێگەیشتبێو بێ سەرەتا بووبێ. من وا تێدەگەم، کە دەبێ بۆ ماوەیەکی زۆر بەم دیالێکتە ئەدەب باو بووبێ. ڕاستە

زووربەی توێژەرەوەکانمان لەو باوەڕەدان، کە ئەدەبی فۆلکلۆری بەو شێوە زمانە ڕەگەزو بنچینەی هەبووەو هۆنراوەکانی عەلی بەردەشانی بە نموونە دەهێننەوە. ئەو خاسیەتانەی لەو زمانە ئەدەبییە داڕێژراوەی ئەو سێ کەڵە شاعیرەدا بەدی دەکرێ دڵنیایی ئەوەمان دەکا، کە بەرلە وانیش دەبێ ئەدەبێکی نووسراو بەم دیالێکتە لە ئارادا بووبێ. چا ڕەنگە ئەدەبەکە هێندەی ئەدەبەکەی ئەمان باڵادەست نەبووبێ، تا توانای بەرگری‌و هێزی مانەوەی هەبێ. بەرزی‌و باڵایی ئاستی هونەری ئەو ئەدەبە نووسراوە ئەوەمان بۆ دەردەخا، کە ئەم ئەدەبە نابێ یەکسەر وەک دوومەڵان هەڵتۆقیبێ. جگەلەوەش ئەم نووسەرانە بەدەسەڵات بوون‌و دەیانتوانی بە زمانە ئەدەبییە باوەکانی ئەو سەردەمە، کە فارسی، عەرەبی‌و عوسمانی بوو، بیانئووسیایە. ئەمەیان نەکردووە، یا با بڵێین بە ڕێژەیەکی کەم کردوویانەو زۆرینەی بەرهەمەکانیان بە کوردی‌و ئەو زمانە باوەی ئەو سەردەمە، کە کوردی بووە نووسیوە.

وەک دەبینین ئەو ئەدەبە دەبێ لەسەر دەستی ئەو سێ کەڵە شاعیرەدا گەیشتبێتە ئەو پلەو پایە بەرزەو بنچینەی داکوتابێ. دەبێ ئەم شاعیرانە گۆشکراوو پەروەردەی ئەو شێوە ئەدەبییە بووبن‌و دەبێ زانیبێتیشیان، کە ڕێگیەکی نوێ دەگرنە بەرو بە قەناعەتیشەوە گرتوویانەتە بەر. لە زمانە ئەدەبییەکەی ئەو ناوچەیە، کە گۆرانی(هەورامی) بووە لایان داوەو بە سۆرانی نووسیویانە. هێزی بەرەو داهێنانی نوێیان توانیویتی توانیویتی جیهانێکی نوێ بۆ ئەدەب بە زمانێکی نوێ بخوڵقێنێ. ئێمە دەبێ پرسیاری ئەوە لە خۆمان بکەین، کە ئەوانە کێ بوون، کە لەم دەمەدا پێشەنگی هەست‌و هێزی دەروونی ئەم شاعیرانە بوون، تا بەم شێوە بەهێزە ئەم ئەدەبە نوێیە دابهێنن. ئێمە نابێ هەڕەشەکەی نالی لە یاد بکەین، کە دەڵێ:

کەس بە ئەلفازم نەڵێ خۆ کوردییە، خۆ کردییە
هەرکەسێ نادان نەبێ، خۆی تالبی مەعنا دەکا

ئاشکرایە، کە ئەم شاعیرانەی سەرەتای نووسینی بەم دیالێکتە، زۆر لە نزیکەوە ئاگاداری بەرهەمی ئەدەبی فارسی، عەرەبی‌و عوسمانی، خۆ ئەدەبی گۆرانی، کە لە ناوچەکەدا باو بوو، نابێ لە یاد بکرێ، بوون.

زمانی ئەدەبی فارسی‌و دنیای شیعری بەتایبەتی بابەتێک بووە لەو بابەتانەی، کە لەو سەردەمەدا بایەخێکی یەکجار زۆری پێ دراوە. ڕووناکبیری ئەو دەمە دەبوو ئاگاداری ئەو بەرهەمە ئەدەبیانە بێ. کاریگەری زمان‌و ئەدەبی فارسی لە شیعری شاعیرانی سەدەی نۆزدەدا گەلێ لە هی ئەدەبی عەرەبی‌و عوسمانی زیاترە

ئەدەبی کوردی بە دیالێکتی کوردیی ناوەڕست بە گەلێ قۆناغی جۆراوجۆردا تێپەڕیوە، کە قۆناغەکانی بۆ ماوەیەک بە تایبەتی بە هۆی باری ڕامیاری کوردەوە لە سەردەمێکدا سست بووە، بەڵام هەر دوویارە بە هۆی بارێکی ڕامیاری لەبارترەوە لە سەردەمێکی دیاریکروی تردا بووژاوەتەوە. هەندێ کەس لەو باوەڕەدان، کە ئەو بووژانەوانە توانیویانە ئەو کەلێنی ستیانەی سەردەمەکانی تر پڕ بکەنەوە. بە بیروڕای ئێمە ئەو کەلێنانە وەک خۆیان لە مێژووی ئەدەبی سەردەمەکەدا ماونەتەوەو بەو جۆرە لەو دەمانەدا نەتوانراوە ئاوێتەیەکی باڵانمای ئەدەبی سەردەمەکە پێشکەش بکرێ.

ئەدەب‌و نووسین بە دیالێکتی کوردیی ناوەڕاست (سۆرانی) لە سەرەتای دەست پێکردنییەوە تا ئەمڕۆ هۆیەکی گرنگە بۆ زیندووکردنەوەو بووژاندنەوەو چەسپاندنی بیری نەتەوەیی کورد.

هوشیاریی هەستی نەتەوایەتی لەناو کورددا تا ئێستاش هەر نە مەیوە. بەداخەوە کورد تا ئەمڕۆش شانازی بە خێزان، تیرەو ناوچەو لەم دواییەشدا بە پارتی سیاسییەوە دەکاو خۆی پێدەناسێنێ. ئەمانە لە ڕاستیدا چ لە ڕابردووو چ ئێستاو لە داهاتووشدا هۆکارێکی نابەجێ دەبن‌و دەبنە ئەگەرە بەرامبەر بە چەسپاندنی هەستی یەکبوونی نەتەوەیی کورد.

کوردستان تا ئەمڕۆ یەکێتییەکی ڕامیاری یەکگرتووی بە خۆیەوە نەدیوە، تا لە سای سێبەریدا سستێمێکی هاوبەش بۆ زمانو کولتووری ئەو نەتەوەیە نەشونما بکا. وەک هەمووشمان دەیزانین شێوەی گفتوگۆکردن لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر جیاوازیان هەیە، ئەم جیاوازیانە دەبنە گرفت لە ڕێی پێکهێنانی ئەو سستێمە هاوبەشەدا.

بۆ نووسینی ئەم فەرهەنگە سوود لە بەرهەمی ئەدەبی نووسراوو بلاوکراوەی دوو سەدە، بەتایبەتی هەشتا ساڵی ڕابردوو وەرگیراوە. زمانی گفتوگۆش لە یاد نەکراوە. بەوپەڕی تواناوە ئەدەبەکە کۆ کراوەتەوە، وشەکانی یەک یەکو لە ڕێوجێی بەکارهاتوویاندا لەسەر کارتو بە پێی مانا بەکارهاتووەکانیان لەناو نووسراوەکاندا تۆمار کراونو پاشان کۆکراونەتەوەو لە کاری شەوو ڕۆژی دوازدە ساڵی ڕابردوودا بە شەونخونییەکی زۆرەوە ئەم شاکارەیان بە شانازییەوە بۆ کورد بە زمانێکی ئەورووپی لێبکهێنراوە.

دیالێکتی کوردیی ناوەڕاست (سۆرانی) لە بەرهەمی بیرو زمانی ئەدەبی هەردوو بەشی کوردستاندا چ لە عیراقو چ لە ئێراندا بەکار دەهێنرێ. ئەم دیالێکتە ئەمڕۆ زمانی ڕەسمی خوێندنو نووسینو بەڕێوەبردنی کارە لە کوردستاندا/ عیراق.

فەریاد فازیل عومەر

مامۆستای زمانو ئەدەبو مێژووی کورد
لە زانستگای ئازاد بەرلینو
سەرۆکی ئینستیتوتی خوێندنی کوردی
بەرلین